بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی سوپای ئیسرائیل بە سەر ناوەڕاستی لوبنان شەش کەس کوژراون و حەوتی دیکەش بریندار بوون

لە ئێنجامی هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئیسرائیل بە سەر ناوەڕاستی لوبنان، شەش کەس کوژراون و حەوتی دیکەش بریندار بوون.

درێنگانی شەوی ڕابردووەوە تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل 17 هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بەیروت پایتەختی لوبنان و یەکێک لە هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای ئیسرائیل، ناوچەی باشووری ناوەڕاستی بەیروت-ی کردە ئامانج.

وەزارەتی تەندروستیی لوبنان لە ڕاگەیاندراوەکدا ئاماژەی بەوداوە کە لە هێرشە ئاسمانییەکەی ئیسرائیل بە سەر ناوچەی باشوورە، باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوونی کراوەتە ئامانج و لە ئێنجامدا شەش کەس کوژراون و حەوتی دیکەش بریندار بوون، هاوکات بەپێی زانیارییە میدیاییەکان، هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای ئیسرائیل بە سەر ناوچەکانی دەوروبەری بەیروت، زیانی زۆریان بە ژمارەیەک باڵەخانە گەیاندووە.